# وەڕەز نەبوون

**هیوا شەمسی بورهان**
**(فڕەنسا)**



**(بۆ شەونم)**

هەتاو چەندە وەڕەز دەبێ
لە هەڵاتن و ئاوابوونی بێ پسانەوەی
دەریا چەندە وەڕەز دەبێ
لە پێکدادانی شەپۆلان
بۆ سەر خیز و بەردەکانی قەراغەکەی
چەم چەندە بێ تاقەت دەبێ
لە لادان و پێچ خواردنەوەی شیو و دۆڵان
چیا چەندە وەڕەز دەبێ
لە سپی بوونی سەروشانی لەبەر بەفران
خاتوونەکەم من ئەوەندە وەڕەز دەبم
لە دیتنی چاوەکانی پڕ تروسکەت
لە بیستنی بۆنی خۆشی هەناسەکەت.

**تاران، ٢٠١٥/٩/٢**

## دایکی مەزڵووم

کوردستانم!
دایک و بێشکەی خەونەکانم!
غەدرمان زۆر لێکردووی
باش دەزانم.
ئەوەندەی لای دەرک و جیران
خرایە بەر شەق و زللە
هەر ئەوەندەش ڕۆڵەکانت پیریان کردووی.
سەردەمێک بوو چاوی چەپمان
"ئەنوەر خۆجە"ی(١) دەخوێندەوە و
دەستیشمان بێرە و بەوێ دەیرەتاندی.
کاتێکی تر خوتبەکانی کۆلکەمەلا
لە کەللەمان دەچەسپا
بە زۆر لە بن پەچە دەکرای
ڕشکی ڕیشمان ئارامیشی لێ دەستاندی.
بەڵام لەوە دڵنیام
ڕۆژێک ڕۆڵە ژیرەکانت
لە نەگبەتی دەرت دێنن
سەری دایکیان بڵند دەکەن.
ڕۆژێک دادێ
لە هەر ماڵ و خانەوادە
باسی بەجێ هێشتنت کەن،
سەرسپییەکان ئاوا بڵێن:
"ڕۆڵە نەکەن لێرە بڕۆن!
بۆ کوێ دەچن؟!
کوردستانمان ئاوەدانە."

**٢٠١٦/٢/١١ – لیل**

**تێبینی- یان سەرنج:**

**١- ئەنوەر خۆجە: سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی ئەلبانی بوو، لەسەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بیروڕاکانی بووبوونە ترۆپکی ئارەزووی لاوانی چەپ.**